## گەندەڵی و هەڵبژاردن و دوو ئیدارەیی ... شێرزاد خەراجیانی

گەر بەپانۆرامای 30 ساڵی ڕابردووی باشووری کوردستان دا بچینەوە، لەگلانی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ تاڕاپەڕین و ڕووخانی بەعس، جیاوازی یەگەورەکانی دەخوێنینەوە، کەلەسفروەوەدۆزی کورد بەکوێ گەیشتوە. ئیمڕۆ ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی بەهەموو کەم و کوڕیەکانیەوە، دوژمنی زۆرەو هەرگیز ناتوانن پەسەندی کوردستانێکی وەك ئیمڕۆ و عێراقێکی لەم جۆرەبکەن. تەنها هێزێك دەستی پیلان و نەخشەی ئەوانی پەك خستووە، دەوڵەتی گەورەهێزی ئەمریکایە. تەنها بەرەیەکیش کەکورد دەتوانێت جەنگی مافەکانی خۆی (کەرکوك و. و. و) تیا بکات، بەشداری کردنی پرۆسەی ڕامیاری عێراقە، کەهەڵبژاردن سەنتەری ئەو پرۆسەیەیە.

بەو پێ یەی هەڵبژاردنی عێراق واتەململانێ ی دەسەڵات لەگەڵ (شیعەو سونەو تورکمان و... ). ئاشکرایەچەندایەتی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، داهاتووی هێز و توانای کوردی لەبەغدای بڕیار و دەسەڵاتدادیاری دەکات. کەواتەدەکرێت بڵێین هەڵبژاردن (لەعێراقدا) بۆ کورد ململانێیەکی دەرەکیە، لەدەرەوەی ماڵی کورد گەر لایەنی کوردستانی بەلیستی هاوبەش وەك ئێستابچنەهەڵبژاردن. جیابوونەوەی (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) لەلیستی کوردی (بەهەر هۆیەك بێت) دەبێتەپەرت بوون و یەك نەگرتوویی دەنگی کوردو بەزیان دەشکێتەوە.

ئیمڕۆ (گەندەڵی) نەك باسی ڕۆژانەی خەڵك و ڕۆژنامەکانەبەتەنها، بەڵکو خودی دەسەڵاتی کوردی و پارتەکان هەستیان بەمەترسی کردووەبۆیەباسی دەکەن وپیلانی نەمانی دادەنێن. شایەنی ئاماژەکردنەهەر کەس و لایەن و گرووپێك گەرپەرۆشی ئەم ئەزموونەبن، دەبێت بابەتیانەبۆ مەبەستی چاکتر کردن دەسەڵاتی کوردی لێ ئاگادار بکاتەوە، چونکەدۆست ئەو کەسەیەکەدەتگرێنێت....... بەڵام (گەندەڵی) کێشەیەکی ناوخۆی کورد خۆیەتی کێشەیەك لەنێوان خەڵکی کوردستان و کەسانی ئیداری نێو دەسەڵاتی کوردی، کەوەك ناڕەزایەتی دەربرین لەگەندەڵی، نابێت بکاتەئەوەی سەنگەری ڕامیاریانەی (کورد-عەرەب) لەهەڵبژاردن چۆڵ بکرێت بەدەنگ نەدان.

ئێستا لەهەموو کاتێك پتر کاتی ئەوەهاتووە، خەڵکی کوردستان فشار بخەنەسەر (یەکێتی و پارتی) تا (دوو ئیدارەکە) یەك بگرێتەوە. بەداخەوەدەکرێت بووترێت گەر پێش هەڵبژارد ن (حکومەتی هەرێم وەك ئێستا دوو لەت بمێنێتەوە)، ئەوەچوار ساڵی داهاتوو چاوەڕوانی ئەو مزگێنی یەنەبین کە(پارتی و یەکێتی) دەتوانن یەکەبەیەکەی هەرکوردێك شادمان بکەن.

چەند هەڵبژارادنی ئەم جارەمێژوویی و چارەنووسسازە، بارتەقای ئەوەش یەکگرتنەوەی ئیدارەکان بۆ ئایندەو پاشەڕۆژی کورد پێویست و گرنگەو یەکەم بەردی بناخەی یەکێتی کوردە.